# دەستخەتی شیعرە فارسییەکانی
# تاهیر بەگی جاف





ئا: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)

ئاشکرایە زۆربەی دیوانی شاعیرانی کورد کۆ نەکراوەتەوە، ئەوانەیشی کە کۆکراونەتەوە و چاپ کراون، هەموو شیعرەکانیان نین، لەم گۆڤار و رۆژنامە و لەو کتێب و کەشکۆڵ و بەیازدا، لە پەراوێزی کەشکۆڵ و دەستنووسەکاندا یان لە پڕ کەشکۆڵێکی دیوانی شاعیر دەردەکەوێت، یان بەشێکی یا هەمووی بڵاو نەکراوەتەوە، یان چەند پارچە شیعر و بەیتێکی بڵاو نەکراوەتەوە. ئەمەیش لە لای زۆرێك لە شاعیران و دیوانەکانیان رووی داوە و هەیە، ئەگەرچی شاعیرەکە تازەیش بووبێت.

دیوانی تاهیر بەگی جافیش یەکێکە لەو دیوانە شیعرییە کوردیانەی تا ئێستا چەند جارێك بە شێوە و قەبارەی جیاواز چاپ کراوە، هەنووز دیوانێکی پوخت و تەواوی ئەم شاعیرە لە بەردەستدا نییە، کە تەواوی شیعرەکانی ئەم شاعیرە بێت. هیچ کەسێکیش قۆڵی لێ هەڵنەماڵیوە بۆ ئەوەی شتێکی رێکوپێك بۆ ئەو شاعیرە بکات. بە هەرحاڵ لێرەدا زۆر لە سەر ئەوە ناڕۆم و نامەوێ باس لە دیوانەکان و رێکوپێکی دیوانی شاعیرانی کورد بکەم، ئەوەی لێرەدا باسی دەکەم دەستنووسێکی دیوانی تاهیر بەگی جافە، تاکو ئێستا لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی و مێژووی دەسخەت و لێکۆڵینەوەی دەستنووس و باسی دیوانی شاعیردا باسی نەکراوە و هیچی لەبارەوە نەوتراوە و نازانرێت، ئەوەی تا ئێستا زانیبێتم ئەم دەستنووسە و چەندین شیعری دیکەی شاعیر هەیە لە دەستنووسەکاندا باس و خواسی لەسەر نەکراوە و بڵاونەکراوەتەوە، ئەم دەستنووسەیش یەکێکە لەوانە.

ماویەکی زۆرە خەریکی گردوگۆی سەرجەم شیعرەکانی «تاهیر بەگی جاف»ین، بە باشم زانی شتێکی کەم لەبارەی ئەم دەستنووسەوە بنووسم و بە خوێنەری ئاشنا بکەم.

نابێ بە سەر ئەوەدا بڕۆین و دەبێ بپرسین ئەم دەستنووسە دەبێ لەبەر چی دەستنووسێک نووسرابێتەوە؟! ئەی ئەو دەستنووسەی ئەم نوسخەی لەبەر نووسراوەتەوە، لە کوێیە؟

لە راستیدا ئەم دەستنووسە لەبەر نوسخەیەکی خودی تاهیر بەگ کە مسوەدە بووە، نووسراوەتەوە، ئێمە نوسخەیەکی ئەو مسوەدەیەمان لە بەردەستدایە، هەموو شیعرەکانی ئەو دوو نوسخەیەمان بەراورد کردووە، بە پێی ئەو بەراوردە بۆمان روون بوویەوە کە بە تەواوی ئەم نوسخەیە لەبەر ئەو نوسخە مسوەدەی تاهیر بەگ نووسراوە. بەشێک لەم نوسخەیە فەوتاوە، خۆشبەختانە بەشێک لەو فەوتاوانە لە مسوەدەکەدا ماوە، هەندێکی تر کە لە مسوەدەکەدا فەوتاوە، لەم نوسخەیەدا هەیە، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی ئێمە بتوانین هەم نوسخەکەی سەیید عەلی «کەمالی» ساغ بکەینەوە و هەمیش لەوە دڵنیاببینەوە لەوەی نوسخەکەی تاهیر بەگ خۆی نوسخەیەکی مسوەدە بووە.

لە هەندێ شیعری نوسخەی کەمالیدا بەشێکی بەر فەوتان و لەناوچوون کەوتووە، بە هۆی مسوەدەکەوە توانیمان تەواوی شیعرەکە ساغ بکەینەوە. خاڵێکی تر هەندێ شیعر کە لە ڕیزبەندی پیتەکاندا کە لە نوسخەی کەمالیدا نەهاتووە، لە مسوەدەکەدا هەیە، ئەمەیش جێگای دڵخۆشییە.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

ئەم دەستنووسە دەستخەتێکی زۆر نایاب و خەت خۆشە، سەرەتا ئەم دەستنووسە تەواو و رێکوپێك بووە، موجەلەد کراو بووە. بەڵام دەبێ بەشێوەیەك بیناسێنین کە جێگای ئەوە بێت کە رۆژێك لە باسی

مێژووی دەستخەت و فەهرەستنوویسی دەستنووسی کوردیدا شاراوە و جێگای گومان نەبێت.

لە بەشێك لە دیوانی سالمدا شتێکم لە بارەی ئەو دەستخەتەوە وتووە، دواتر کە شیعرە بڵاونەکراوەکانی ئەحمەد موختاریشم چاپ کرد شتێکی زیاترم ڕوون کردەوە، لێرەدا هەموو ئەو گومانانەیش کە هەم بووە، دەیسەلمێنم.

ئەم دەستنووسە (31×02)سم، لە کتێبخانەی مەجلیسی شورای میللی ئێران لە شاری تاران پارێزراوە. ئەم نوسخەیە لەو کتێبخانەیەدا بەم شێوەیە فەهرەستکراوە:

**(کتابخانە مجلس شورای ملی**

**لە سەرووی ئەمەوە ژمارەیەك هاتووە و نووسراوە: (3699ـنـن).**

**لە خوارووی کتێبخانەی مەجلیسی شوراوە نووسراوە:**

**کتاب: دیوان طاهر بگ**

**مولف......................**

**موضوع......................**

.............................. شمارە قفصە ق 0979

لە لای ڕاستیشەوە نیشانەی شێر و خورشید و شمشێرێك هەیە، لە ژێری ئەمەیشەوە نووسراوە:

شمارە ثبت کتاب:

10468

ئەم نووسینە پارچە کاغەزێکە لکێنراوە بە سەرەتای لاپەڕەی یەکەمی ئەم دەستنووسەوە، هەر لە لای ڕاستی ئەم کاغەزەوە کە دەکاتە خوارەوەی دەستنووسەکە، لەزگەیەکی تری لکێنراوە بە دەسخەتەکەوە و لە سەری نووسراوە:





خطی «فهرست شده» لە ناو کەوانەیەکدا نووسراوە (کتابخانە مجلس شورای ملی). دواتر خەتێك بە ژێریدا هێنراوە و ئەم ژمارە نووسراوە: (0979).

هەروەها لە لاپەڕەی دووەمی ئەم دەستنووسەدا چەند مۆرێك کوتراوە و مۆری کتێبخانەی مەجلیسی شوورایە، یەکێك لەو مۆرانە مۆرێکی شێوە هێلکەییە و مرەکەبەکەی سوورە و لە ناویدا نووسراوە: «کتابخانەی موزە و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی» لە خواری ئەمەیشەوە ئەم ژمارە هاتووە: (0979). لە ژێری ئەمەیشەوە نووسراوە: (فیلموتیك تاسیس 2 31).

مۆرێکی تری بچووکی لاکێشەیی لە نزیکی ئەم مۆرەوە هەیە و لە سەری نووسراوە: (بازرسی شد). لە ژێری ئەمیشەوە نووسراوە: (73-6). لە نزیکی ئەم مۆرەشەوە مۆرێکی تریش هەیە کە هەر مۆری کتێبخانەی مەجلیسە و لاکێشەییە بەم شێوە هاتووە: (بازدید شد). لە ژێری ئەمەیشەوە نووسراوە (4831).

ئەم دەستنووسە کۆمەڵە دەستنووسێکە لە کتێبخانەی مەجلیسدا و یەك کەس نووسیویەتییەوە، هەر چەندە ئەم دەستنووسە ناوی نووسەری پێوە نییە، بەڵام دیارە کە چەند دەستێکی دیوە و شوێن دەستیان پێوە دیارە و کاری خۆیان لەسەر کردووە. بەڵام لە چەند شوێنێکدا ساڵ هاتووە، ئەو ساڵانەیش لە جێگای خۆیاندا دەیانخەمە ڕوو.

ئەم دەستنووسە چەند بەشە و کێ نووسیویەتی؟

لە بەشێك لە شیعرەکانی سالم و ئەحمەد موختاردا ئەو باسە وروژاندووە، ئەو کەسەی کە ئەم دەستنووسانەی نووسیوەتەوە کێیە؟

لێرەدا وەڵامی وردی ئەو پرسیارە ئەدەمەوە، ئەم دەستنووسە و هەموو ئەو بەشانەی تری، دەستنووسەکانی کتێبخانەی بنەماڵەی عوسمان پاشا و بە دڵنیاییەوە دەڵێم کتێبخانەکەی ئەحمەدموختار بەگی جاف، زۆریش لەوە زیاترن کە لەلای من هەیە، ئەم

**سەیید عەلییە. لە چەند دەستنووسێکدا مۆری ئەحمەد موختار و ئیمزا و ناوی خۆی لە سەر نووسیوە. یان هەڵەکانی ڕاست کردووەتەوە و ئیمزای لەسەر کردووە. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم دەستنووسانە ئەحمەدموختار دیویەتی و هی کتێبخانەکەی خۆی بووە و هەموویانی خوێندووەتەوە. ئەگەر نەخوێنرابێتەوە، ئەو هەڵانە چاك نەدەکرانەوە.**

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

بەشـەی لـە لای مـن هەیـە هەموویـان یـەك كـەس نووسـیویەتییەوە و ئەویـش سـەیید عەلییـە. لـە چەنـد دەستنووسـێكدا مـۆری ئەحمـەد موختـار و ئیمـزا و نـاوی خـۆی لـە سـەر نووسـیوە، یـان هەڵـەكانی ڕاست كردووەتـەوە و ئیمـزای لەسـەر كـردووە. ئەمەیـش نیشـانەی ئەوەیـە كـە ئـەم دەستنووسـانە ئەحمەدموختـار دیویەتـی و هـی كتێبخانەكـەی خـۆی بـووە و هەموویانـی خوێندووەتـەوە، ئەگـەر نەخوێنرابێتـەوە، ئـەو هەڵانـە چـاك نەدەكرانـەوە.

ئەو دەستنووسانەی كە سەیید عەلی نووسیویەتییەوە؟

1- دیوانی سالم.

2- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.

3- دیوانی ئەحمەدموختار بەگی جاف.

4- دیوانی تاهیر بەگی جاف.

5- دیـوانی موسـتەفا بەگـی كـوردی، لەگـەڵ چەنـد پارچـە شـیعرێكی دیكـەی شـاعیرانی تـری كـورد دا.

6- دیوانی نالی.

7- كەشكۆڵە شیعری فارسی و كوردی شاعیرانی كورد و فارس.

تاكـو ئێسـتا ئەمانـە ڕوون و ئاشـكران، نازانیـن دوابـەدوای ئەمـە چیـتر دەردەكەوێـت، ئـەوەی تاكـو ئێسـتا لـە لای منـە و دیومـە و بـەراوردم كـردوون، ئـەم كۆمەڵـە بەرهەمـەن كـە نـاوم هێنـان و بـە خەتـە نایابەكـەی سـەیید عەلـی نووسراونەتـەوە.

سەیید عەلی كێیە؟

بـە پێـی ئـەو بەڵگانـەی لـە بەردەسـتی مـن دایـە، سـەیید عەلـی، عەلـی كەمـال باپیـر ئاغـای شـاعیرە، ئەمەیـش بـە پێـی چەنـد بەڵگـە و قسـەیەك كـە لـە گفتوگـۆ و نـووسراو و شـیعر و كتێبەكانـدا هاتـوون و لـە لای منـن و جێـگای بـڕوان.

كەمالـی شـاعیر ماوەیەكـی زۆر لـە شـاری هەڵەبجـەدا ژیـاوە، چەنـد سـاڵێك لەمەوبـەر لـە سـەردانێكمدا بـۆ لای مامۆسـتا موسـتەفا «حەمـە بـۆر» لـە شـاری هەولێـر و لـە ماڵەكـەی خۆیدا گفتوگۆیەكـمان لەسـەر كەمالـی و موحەممـەد تۆفیـق وردی ئەنجـام دا و دەنگەكـەی بـە تۆماركـراوی لـە لام پارێـزراوە، پێـی گوتـم: كەمالی ئـەو كاتـەی كـە لـە شـاری هەڵەبجـەدا بـوو، لەبـەر خەتخۆشـی و جواننووسـینی، چەندیـن كەشـكۆڵ و بەیـازی بـۆ هاوڕێیـان و بـرادەرانی بـە پـارە و خۆڕایـی نووسـیوەتەوە، ئـەو كاتـە كەمالی بـاری گوزەرانـی خـراپ بـوو، گرانییەكـی زۆریـش بـڵاو ببـووەوە لـە عێراقـدا....

دیسـانەوە لـە وتارێكـدا «كەمـال ئەسـعەد چەرمـەگا» لـە گۆڤـاری نووسـەری نوێـدا بـڵاوی كردۆتـەوە، دەڵێـت: «لـە كۆتایـی جەنگـی یەكەمـی جیهـانی ئافـاتی قـات و قـڕی و نەخۆشـی بـە جۆرێـك پـەرەی سـەندبوو خەڵكەكـەی بـە جـارێ شـپرزە كردبـوو. منـی بێچـارە و كـورد واتـەنی: «دەسـت و پـێ سـپی» لـە هەمـوو كـەس زیاتـر بێچـارە و ماڵوێـران بـووم لـە كاتێكـدا كـە نـان «چووبـووە كوڵـی شـێر».

خـوا كـردی لای مێجەرسـۆن بـە كاتـب دامـەزرام، هـەر زوو بوومـە جێگەی بڕوایـی و كاتبـی تایبـەتی خـۆی. ڕۆژی دەیـان نامـەی شەخسـی و كتـابی ڕەسـمیم بـە عـەرەبی و كـوردی و فارسـی بـۆ دەنووسـی و وەردەگـرت. ڕۆژێكیـان بانگـی كـردم بـۆ ژوورەكـەی خـۆی داینـام و، وتی: «عـەلی... ئەفەنـدی» دەزانی مـن بـە كـوردی و فارسـی لـە تـۆ باشـتر دەزانـم؟ لـەم قسـەیە سەرسـام بـووم و وتـم: مـن لـە فارسـیدا بـە نووسـین و ئاخاوتـن خـۆم زۆر بـە شـارەزا دەزانـم و خەڵكیـش هـەروام نـاو دەبـەن. كوردیـش زمـانی زگماكمـە و بـۆ خـۆم كـوردم نابێـت تـۆ لـەم بوارانـەدا لـە

مـن شـارەزاتر بیـت...».1

«کەمـال ڕەئـووف موحەممـەد» لـە گۆفتوگۆیەکیـدا کـە لەگـەڵ کەمالـی شـاعیردا لـە ماڵەکـەی خۆیـدا سـازیداوە و دەڵێـت: «ڕۆمانـی «چـۆن بـووم بەخانـەدان= مەسـەلەی ویـژدان/ بڵاوکـراوەی د. ئیحسـان فوئـاد: 0791/ بەغـدا- چاپخانـەی ئیرشـاد. لاپـەڕە- 16»، دەڵـێ: لـە دەوروبـەری سـاڵانی 7291-8291 دا لـە لایـەن عـەلی کەمـال باپیـرەوە نووسراوەتـەوە....

ئـەم نـووسراوە لـە لایـەن ناوبـراوەوە پەراوێـزی ژمـارە (9)ی بـۆ دانـراوە و دەڵێـت: گفتـار لـەم بارەیـەوە- تۆمـار- نەکـرا- بـەڵام بـە دەم و دوو بـۆی گێڕامـەوە کـە خـۆی: دۆسـت و هاوڕێـی نزیـکی ئەحمەدموختـار جـاف بـووە و خـۆی بـۆی نووسـیوەتەوە... زیاتـر وتی: ئـەو کەسـەی کـە چیرۆکەکـەی لەسـەر نووسراوەتـەوە و مەبەسـتە_ ئاشـکرایە:...؟) و بـە ئەحمەدموختـار جافـم وت: باوکـم مـن ئیـتر بـۆت نانووسـمەوە! وتی: بۆچـی؟ وتـم: ئەترسـم لەسـەر ئـەم چیرۆکـە بتکـوژن. (ئاشکراشـە ئـەو چیرۆکـە کۆتایـی پـێ نەهاتـووە./ ك. ر. م.)...».2

هووما خانیش لەو بارەوە دەڵێت:

کەمـالی لـە دوادواییـەکانی ژیانیـدا کـە چـاوی لـە دەسـت دابـوو مـن شـیعرەکانیم بـۆ دەنووسـییەوە، خـاوەنی کتێبخانەیـەکی بـاش بـوو، بـەڵام دوای ئـەوەی دایکـم و بنەماڵەکەمـان هەموویـان چـوون بـۆ دەرەوەی وڵات. منیـش لـە بەغـدا بـووم. دایکـم کتێبخانەکـەی دابـووە لای دراوسـێیەکمان، بـەڵام ئـەو دراوسـێیەمان نازانـم کـێ بـووە، بۆیـە هەمـوو شـتەکانی کەمـالی فەوتـاون.

مامۆسـتا ئەحمـەد حسـێن ئەحمـەد لـە بابەتێکـدا بـڵاوی کردووەتـەوە نووسـخەیەکی بـۆ نـاردم و دەڵێـت: «مەرگـی ئەحمەدموختـار (8981-5391) مامۆسـتا کەمالـی زاتێـکی بیـر تیـژ و بـە وەفـا و پێزانیـن بـوو.. دەیـوت: ئـەو کاتـەی واتـا سـاڵی (5391) کـە ئەحمەدموختـاری شـاعیر و چیرۆکنـووس، هاوڕێـی ئازیـزم شـەهید کـرا.. لـە داخـا مـاوەی یـەك سـاڵ گوێـزان و چەقـۆ بـەر سـەر و ڕیشـم نەکەوتـوون... هـەر تەعزییەبـار بـووم.

چونکـە بـە نەمـانی ئـەو شـاعیرە دڵسـۆز و شۆڕشـگێڕە لایەکـم لـێ بـووەوە... ئێسـتایش هـەر کـە یـادی دەکەمـەوە هەناسـەی سـارد هەڵدەکێشـم و تاسـەیەك دەمباتـەوە. شـایانی باسـە چاکتریـن چامەیـەك کـە بـەلای خۆمـەوە زۆر کاریگـەر و پەسـەند بـێ، ئـەو شـیعرانەیە بـۆ شـیوەنی ئەحمەدموختـارم وتـووە: ئەمەیـش سـەرەتاکەیەتی..

دیسان فەلەك ئەم داخە چیبوو نای بە جگەردا

ئەم ئاگرە چی بوو لە دڵی عالەمی بەردا...».3

یەکێکـی تـری لـەو بەڵگانـەی کـە لـە بەردەسـتدایە و ئـەم دەستنووسـە لـە ژێـر چاودێـری ئەحمەدموختـار و لـە ماڵەکـەی خۆیـدا نووسراوەتـەوە و ئـەم سـەیید عەلییـەش کەمالییـە، ئەحمەدموختـار جـاف هۆنراوەیەکـی بـەم شـێوەیەی بـۆ کەمالـی نووسـیوە و پاڵپشـتی قسـەکانی مـن دەکات بـۆ ئـەوەی ئـەم «سـەیید عەلی»یـە خـودی عەلـی کەمـال باپیـر ئاغـای شـاعیرە کـە بـە «کەمالـی» نـاسراوە. ئەمەیـش هۆنراوەکـەی ئەحمـەد موختـارە کـە بـۆ کەمالـی نووسـیوە:

**«ئەمشەو لە غەمی تۆ، دڵەکەم زار و زەبوونە**

**مەجرووحە دڵم، دیدە کە ئالـــوودە بە خوونە**

**ئەلفی قەدەکەم ئێستە لەبەر حەسرەتی باڵات**

**وا خەم بووە حانا، کە ئەڵێی حـەڵقەیی نوونە**

**ئەو تاو و شەرارەی کە ئەڵێن وا لە سەقەردا**

**عوشرێکە لە میعشاری گڕ و سـۆزی دەروونە**

**هەڵسە وەرە لای عاشـــقی سەرگەشتەیی وێڵت**
**سەیریکە کە چەن شێت و چ سەرخۆش و جنوونە**
**بنوارە چ غەرڕایە، (کەمالی) هەموو شیعرم**
**عەیبی منی بێچارە، بەخوا پارە نەبوونە«.4**

خـودی کەمالیـش لـە «دیـاری کوردسـتان»دا شـێعرێکی بڵاوکردۆتـەوە و بەڵگەیەگـی ڕووغمـان بـۆ دەخاتـە ڕوو کـە شـیعرەکانی سـالمی کـۆ کردووەتـەوە، بـەڵام لەبـەر بـێ پارەیـی ناتوانێـت بـڵاوی بکاتـەوە، شـاعیر دەڵێـت:

**»لە گەورە گەورەی شوعەرای کوردان**
**حـــــەزرەتی «عەبدلرەحمان بابان»**
**لەقەبی «ســـالم»، تەبعی مەوزوونە**
**شیعری هەر وەك ئاو ڕەوان و ڕوونە**
**هەر چەند مەعلوومە جەنابی «نالی»**
**ساحێبی شیـــعرە و دیوانی عالی**
**لاکین وەك سالم ئەشعاری نالی**
**نییە لــــە لەفزی بێگانە خاڵی**
**سالم ئوستادی شوعەرای کوردە**
**نەوەی بابانە، فیـکری زۆر وردە**
**ئەشعاری عاری لـــە عەیب و عارە**
**خاوەنی دیوان والا تەبارە قەبارە**
**ئەمە چەند ساڵە من زۆر بێحاڵم**
**بۆ کۆکردنەوەی ئەشعاری (سالم)**
**من گویی هونەرم شوکور بردەوە**
**دیوانی شـــیعریم وا کۆکردەوە**
**چەند غەزەلێکی بە دڵ و بە گیان**



یەکێك لە دەست نووسەکانی تایەر بەگی جاف

**ئەنێرمە خزمەت «دیاری کوردستان»**
**بۆ چاپکردنی دیـــــوانی بە دڵ**
**جوهد ئەکەم ئەما فیکرێکە باتڵ**
**خۆم پارەم نییە بێ پوول و لاتم**

هیمەتیش نییە لای هاووڵاتم».5

ئـەم وتـە بـاس و خـواس و شـیعرانەی کـە هـەر یەکەیەکیـان بـە شـێوەیەك و لـە لایەکـەوە پاڵپشـتی قسـەکانی مـن دەکـەن بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو دەستنووسـانەی باسـم کـردن، خەتـی کەمالیـی شـاعیرن، جگە لەوهـیش لـە کۆتایـی دەستنووسـەکانەوە وێنەیـەك هەیـە لـە زۆربـەی دەستنووسـەکاندا ئـەو وێنـە هەیـە، ئەمەیـش بەڵگەیەکـی تریيـە کـە خەتـی هەمـان نووسـەرە.

ناوەڕۆکی دەستنووسەکە:

ئـەم دەستنووسـە چەنـد خاسـێت و تایبەتمەندییەکـی هەیـە، یەکێـك لەوانـە ڕیزبەنـدی شـیعرەکانە بـە پێـی ڕیزبەنـدی پیتـەکان لـە (ئەلـف) هوە تـا (یـا). ئـەوەی جێگـەی دڵگرانییـە پیتـی ئەلـف لـەم دەستنووسـەدا فەوتـاوە و تەنهـا یـەك بەیـت لـە پیتـی ئەلـف ماوەتـەوە. ئەمەیـش مانـای ئەوەیـە کـە پیتـی ئەلفـی تێـدا بـووە، نیشـانەیەکی تریـش بـۆ ئـەوەی کـە پیتـی ئەلـف لـەم دەستنووسـەدا هەبـووە، ئـەو ژمارەیـە کـە خـودی نووسـەر لـە سـەری نووسـیوە، ئـەو ژمارەیـش کـە ئێسـتا مـاوە و لەسـەر لاپـەڕەی (1)هـ، ژمـارە (71)یـە، کەواتـە (61) پـەڕەی نەمـاوە. ئـەو (61) پەڕەیـش خـوا خـۆی دەزانێ چـی بـە سـەر هاتـووە و چەنـد پارچـە شـیعری تێـدا بـووە.

سـەرەتای دەستنووسـەکەیش بـەم بەیتـە شـیعرەی دوا غـەزەل لـە پیتـی (أ) دەسـت پـێ دەکات:

1- «طاهر» جنون تا بکی نشنیده‌ای در قید گرو
زنجیر تار زلف او پای دوصد دیوانه را

پیتی ب:

2- امشب ز روی خویش بیفکند او نقاب

3- یارم ز در درآمد با روی بی حیجاب

لێـرەدا پچـڕان لـە نوسـخەکەدا هەیـە و دوو ژمـارە هەیـە، لاپـەڕە (2 و 81) و لـە بەرانبەریشـدا لاپـەڕە (3 و 12) نـووسراوە. کۆتایـی شـیعری (یـارم ز در...) فەوتـاوە، لـە لاپەڕەکـەی دواتریـدا دوو بەیتـی کۆتایـی شـیعرێکی تـرە و بـەم شـێوەیە:

بی خبر بودم که دل افتاده اندر دام عشق

کەچـی کاتێـک ئـەم نوسـخەیان چـاپ کـردووە، ئـەو شـیعرەی کۆتاییەکـەی نەمـاوە و ئـەم دوو بەیتـە کـە کۆتایـی شـیعرێکی تـرە تێکەڵـی کـردووە و بـە یـەک شـیعری لـە قەڵـەم داوە.

پیتی ت:

4- ماه انور یک نمونه از جمال احمد است (بڵاوکراوەتەوە).

5- قدت صنما همچو یکی سرو روان است

6- زلف تـو مشـک اسـت جانا یا کـە گویم عنبر اسـت (بڵاوکراوەتـەوە و یـەك بەیتـی لـە دیوانەکـە کەمـترە).

7- ای خوشا آن سری که مالا مال از سودای تست

8- این لب که تو داری مگر از شاخ نباتست

9- میم دی روزی ای پیری خرابات

01- یار همسایه است و حائل غیر یک دیوار نیست

11- صد سخن ما را ز شرح حال خود اندر دلست

21- لطف یزدان خسرو پرویز را خوشنود ساخت

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

31- سوی سپه غمزه چو او کرد اشارت

41- کار من در چین زلفت جان شیرین دادن است

51- گفتمش: مشک است این، گفتا: گه نه موی من است

61- سفله پرور چرخ گردون کارخود را ساخت است

71- جهان چه بود محل قیل و قال است

81- نیارد میوه یاران هر درختی صاحب اوراق است

91- بیا بیا که دل من همیشه غمگین است

02- دلبرم با قد رعنایش چو سرو چمن است (بڵاوکراوەتەوە).

12- مقصود او به کشتن من بود بهانه ساخت

22- مشک خطا است یا که دو زلف معنبر است

32- مژگان تو خونریزتر از تیر خدنگ است

پیتی پ:

42- خود نگردانم اسیر چشم خمارت عبث (بڵاوکراوەتەوە).

پیتی ج:

52- علت عشقت چنانم زد به هم امشب مزاج

62- با بدان کی می تواند کردن همیشه امتزاج

72- ز من بشنو تو ای پیر سخن سنج

پیتی ح:

82- زنده فرما از اشارت مبتلایان و ذبیح

پیتی خ:

92- بار دیگر گل چو تو بنمود در گلزار رخ (بڵاوکراوەتەوە).

پیتی (چ)ی تێدا نییە.

پیتی د:

03- گل¬های باغ هم چو رخت بر دمیده‌اند

13- ببین آن شوخ مردم کش که با صد ناز می¬آید

23- داروی درد من به کرم مر خدا کند

33- نگذاشت عاشقی که غلام حظور باد

43- ترکا دو چشم مست تو مارا اسیر گرد

53- همچو منصور ای رفیقان گر سوی دارم برند

63- بی جهت نبود که اطفالان مرا رسوا کنند

73- نیست دل دیوانه که زنجیرکند (بڵاوکراوەتەوە).

83- آن گس که دل عشاق بتان نیش ندارد

93- شیر نر بودم و کنونم چون خدا تقدیر کرد (بڵاوکراوەتەوە).

04- گل شادی به سرم هیچ دمی جا نکند

14- هیچ دل چون دل من خسته و بیمار نشد (بڵاوکراوەتەوە).

24- چه بلات عارضم شد که از بتر نباشد

34- نه منم تنها اسیر و دردمند

44- روی تو هردم به خوبی آبروی گل برد

54- طفل دل درمکتب غم جان را تسلیم کرد

64- زلف تو چنین سیاه باشد

74- عید قربان است عالم صبح قربانی کنند

84- خوب رویان از نگاهی کار دل را ساختند

94- آن کس که سرش پر هوس یار نباشد

05- نازم به آن چشم که به عشاق چه بیداد کند

15- مژده ای دل که بت تنگ کمر باز آمد

25- زلفین تو که تعنه زن مشک و عنبرند



لێرەدا کە لاپەڕە (45)ی کۆن و لاپەڕە (27)ی تازەیە کە پێدەچێ بە خەتی فەهرەستنووسی مەجلیس نووسرابێت یان ئەو حەسەن



ناوەی کە ئیمزای لە سەر کردووە یان ئەو (عەلی)یەی کە چەند پارچە شیعری نووسیوەتەوە و ئیمزای کردووە.. دەکرێت ئەم (عەلی)یە هەر عەلی کەمال باپیر بێت یان کەسێکی تر بووبێت و دوای کەمالی دەستخەتەکەی کەوتبێتە لا. بە هەرحاڵ دوو ژمارەی بۆ دانراوە. بە قەڵەمی ڕەساس (3) بەیتی شیعری (فیردەوسی) نووسراوە، دواتر نووسراوە (ده هم ماه صفر نویشته شد من نمانم خگ بماند یادگار سنه 5331. حسن ئیمزا). ئەم حەسەنە و ئیمزاکە دوو ناوە، ناوەکەی باوکی ناخوێنرێتەوە و هەردووکی کراوەتە ئیمزا. سەرتای پیتی (ڕ) بە خەتی سەیید عەلی دەست پێ دەکاتەوە.

پیتی ر:

35- بسکه دل در هجر تو گردیده جانا داغدار

45- ساقی برخیز جامی زان می احمر بیار

55- دلم برد امشب آن حسن جهانگیر

65- حاشالله من دهم دل جز تو با یار دگر

75- هست مارا دلربای با دهان چون شکر

85- دوش آمد نازنینم با دو ساق چون بلور

95- زان زمان گشت است یاران همدم اغیار یار

06- ای صبا از من پیامی نزد جانانم ببر

16- ای ترک چگل سرو چمن ماه منور

پیتی ز:

26- دلبری دارم به خوبی رشک خوبان گراز

36- حمد خدا لطف جهاندار کارساز

46- گل برگ تنا، برقع نیلی ز سر انداز (بڵاوکراوەتەوە).

56- بهار آمد و باد شمال عنبر بیز

66- منم که یارم ستمکار خویش دیدم باز

پیتی س:

76- چون بد مرار لب پر شکرت دارم هوس

86- تابه کی بادا دل من پر غم رنج و فسوس

96- دردهن هیچ دم از دیده بیمار مپرس

07- گر کسی باشد نگارا راستگوی وحق شناس

پیتی ش:

17- بنگر شبی دو چشمم هرگز نبرد خوابش

27- همدمی یابم اگر همتای خویش

37- ای دل اندر کار گیتی خفته ی بیدار باش

47- بجای دانه در زلف چو دامش چشم بادامش

57- دلم صد پاره گرداند چو بنماید گریبانش

67- این سخن از قدسیان آمد مرا دیشب به گوش

پیتی ص:

77- گل بیار است بزم خاص الخاص

پیتی ل:

87- ترکا ز باغ رسته سمن بردمیده گل

97- از دلم رفت است دیگر گاقت و صبر و جمیل

08- گر دهد مارا بآن تا مدتی دست اجل

18- گر ماه کنم همسر آن شکل و شمائل

28- چو در طرف چمن بیند رخ گل

پیتی (ك) و (گ) لەم دەستنووسەدا نەهاتووە، یان فەوتاوە!!! ئەوەیان نازانین.

پیتی م:

38- در زمین شوره سنبل کاشتیم

48- به ستم¬های تو دل هیچ مکدر نکنم

58- ببرد از من قرار و صبر و آرام

68- دست ازتو برندارم تا روی تو نبینم

78- صادقانە باتو جانا عهد و پیمان کردەام (بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لێرەدا 9 بەیتە و لە دیوانەکەدا 8 بەیتە).

88- حاشا لله در بهاران توبه از ساغر کنم (بڵاوکراوەتەوە).

98- ای به دل چون سنگ خاره وی به تن چون سیم خام

09- نه از کشتن نه از دشمن نه از اغیار می¬ترسم

19- الهی جز تو من یاری نبینم (بڵاوکراوەتەوە).

29- چون نظر برخم آن زلف چلیپا کردم (بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لێرەدا 01 بەیتە و لە دیوانەکەدا 8 بەیتە).

پیتی ن:

39- ماه نو یا تیغ یا ابروست این

49- بالا بلند سرو قدی فتنه جوی من

59- عرق کرده آن رخ زیبای رنگین

پیتی و:

69- ساقیا از خواب مستی یک زمان بیدار شو

79- مشک خوانم بعد از این زلفین عنبرسای تو

89- زلف تو که پر چهره پریشان شده هر سو

99- دانستمی ای کاش آنی از مڑهب و آئین تو

پیتی هـ:

001- آرزوی امتحان ماه انور کردەای

101- مژده ای دل گل دگر ره درگلستان آمده (بڵاوکراوەتەوە).

201- در جهان هم در قيامت جان من هستم گواه

301- جام شراب از دل صد عقده را گشوده

401- ايام گل رسيد و غم دی سر آمده

501- ز آن نظر كند همه دم روبر آينه

ئـەم شـيعرە كۆتاييەكـەی فەوتـاوە، لێـرەدا چەنـد لاپەڕەيەكـی كەوتـووە و نازانيـن چەنـدە؟!! هـۆی ئـەم كەوتنەيـش نازانيـن، لەگـەڵ ئەوەيشـدا سـەرەتای پيتـی (ی) بـردووە و نازانيـن چەنـد پارچەيـش لـە شـيعری (ی) لەنـاو چـووە، ئـەوەی لـە پيتـی (ی) ماوەتـەوە چەنـد پارچـە شـيعرێكە و كۆتايـی شـيعرێك و چەنـد شـيعرێكی تـری كـە بـە دوای ئـەودا دێـت ئەوەمـان بـۆ ئەسـەلمێنێت كـە شـيعری پيتـی (ی) زۆر بـووە يـان لـەم ديوانـەدا شـيعری باشـی تێـدا بـووە. ئەويـش ئـەم بەيتە يـە :

601- خواجه گر قهر كند بنده نباشد دل گير

شاد شود «طاهر» اگر يا نمايد عقبى

دوای ئەم بەيتە ئەم چەند غەزەلە لە پيتی (ی) دێت.

701- دانم ای دوست مست و مخموری

801- ای دوست بهتر شيوه بلی شوخی و شنگی

لـە دوای ئـەم شـيعرەوە بـە خەتـی عەلـی ناوێـك، ئيمـزای كـردووە بـاس لـە موبارەكـی و كارێـك ئـەكات كـە سـەبارەت بـە «ئەحمەدموختـار جـاف»ە و تێكـدراوە، هەروەهـا لـە لاپـەڕە (221) بەرانبـەر بـە (841) چەنـد نووسـينێكی كەمـی تێـدا نـووسراوە و نووسـيويەتی:

ترسم كه من بميريمو ياران بی وفا

پا برسرم نهندند انداز كنيم

بۆشـاييەكی چەنـد سـانتيم لێـرەدا هەيـە و دواتـر ئـەم دوو بەيتـە نـووسراوە:

ترسم كه من بميريمو غم بی پدر شود

دين طفل ... پرور من دربدر نشود

لـە نێـوان ئـەم دوو بەيتـەوە لـە لای چەپـەوە دووجـار عەلـی ئيمـزای كـردووە بـەم شـێوەيە:

**علی ئيمزا**

**علی ئيمزا**

هەروەهـا لـە لاپـەڕە (931) بەرانبـەر بـە (321) دوو بەيتـی تـر بـە قەڵەمـی ڕەسـاس هاتـووە و نـووسراوە:

دل به گيتی دادم و غافل كه گيتی تار نيست

غير دل كندن ز گيتی اين زمانم كار نيست

صائب

دواتر ئەم دوبەيتەيش لە خوارەوە لە لای چەپەوە نووسراوە:

**دردا كه صبر می فرمايد**

**(دين نفس حسری سرا شكر می ميايد!!**

**ئيمزای علی**

**پيتی ط:**

**بی قدومی تو نبايد در دل من انبساط**

پيتی ع:

901- هر سحر چون شمس خاور ميكند جانا طلوع

دوای ئـەم شـيعرە نـووسراوە (طاهـر بـگ دام اقبالـه) و ئـەم شـيعرە هاتـووە:

011- واعظ ز پند ثمر آزاد كن ديوانه را (بڵاوكراوەتەوە).

دوای ئـەم شـيعرەيش شـيعرێكی كـوردی هاتـووە كـە لـە ديوانەكـەدا بڵاوكراوەتـەوە:

111- تا بەکەی قوربان بناڵم وا بە ئێش و دەردەوە.

دوای ئەم شیعرەش شیعرێکی تری فارسی لە پیتی (د) هاتووە:

211- دری صبح طی خدایا بە فقیر باز باشد

دوای ئەم شیعرەش دوو شیعری تری لە پیتی (ی) هاتووە:

311- چە حسود گفت جانا کە یهودی کنشتی

411- گر زهرەای یا مشتری ور آدمی یاخود پری

دوای ئەمەیش شیعرێکی تری لە پیتی (د) هاتووە:

511- چو دلبر با رقیبان بادە در پیمانە می¬ریزد

دوای ئەم شیعرە فارسییە شیعرێکی کوردی تری هاتووە و لە دیوانەکەدا بڵاونەکراوەتەوە، سەرەتاکەیشی بەم شێوە دەست پێ دەکات:

611- ئەم کەوا تاقە سەمەن ساقە، لەبی خۆش نمەکە

هەر لە دوای ئەم شیعرە کوردییەوە شیعرێکی تری فارسی تاهیر بەگ هاتووە و شیعرەکەیش تەخمیسی شیعرێکی (حافزی شیرازی) یە:

711- هر دم از شوق رخت نعرە زنان برخیزم

لە کۆتایی ئەم پارچە شیعرەی تاهیر بەگ کە تەخمیسی لە سەر غەزەلێکی حافز کردووە، لە سەرەوە مۆری کتێبخانەی مەجلیسی لێ دراوە و نووسەری دەستنووسەکەیش ئەم چەند وتەیەی نووسیوە: «الحمد للە علی الآنام والصلواە والسلام الآنام محمد والە البررە الکرام».

دوای ئەمە لە سەرەتای لاپەڕەیەکی تازەدا بە خەتێکی جیاواز و قەڵەمی ڕەساس شیعرێکی فارسی هاتووە:

811- خوشا صحرای سبز شهرەزورم

لە کۆتاییشیدا نووسراوە: «ردیف غزل خیالی طاهر بگ»، ئەمجا نووسراوە: (ولە تم تم تم). دواتر شیعرێکی تری فارسی نووسراوە.

911- صنما خاکپایت چرا می¬دم یک...

لە کۆتایی ئەم شیعرەشدا نووسراوە (تم تم تم تم). لە لاپەڕەکەی بەرامبەریدا ئەم چەند نووسینە بە خەتی ئەحمەدموختار جاف هاتووە:

**«گویند تو در موی تو دید بدیم نکو بود**

**تا تو نگاە میکنی کار من آە کرد نیست**

**ای فدای چشم تو این چە نگاە کرد نیست**

**سگی گو تو بە بوی دلی ما می¬آید**

سگی اویم کز و بوی وفا می¬آید/ آە

در سنە هزار و سیصد و سیوچوار در ایام صفر برلك برای یادگار نوشتە شد، من تمام خط بماند یادگار آە آە، 4131 خانا پاشازادە، احمدمختار جاف ئیمزا».

لاپەڕەی کۆتایی ئەم دەستنووسەی سەیید عەلی، بەم شیعرەی خوارەوە کۆتایی دێت:

**021- بنوارە ئەم نەشئەی ئەمڕۆ لە دڵایە**

**هەر لاێ دەچی دەم لە دەم، دەس لە ملایە**

**دوو بەیتی من ئەمڕۆ وەکو پەنجا لە چلایە**

**بەم نەوعە خودایا کە بڕۆم، بچمە چی لایە**

ئەم دوو بەیتە چونکە لە نێوان شیعرەکانی تاهیر بەگدا نییە و لە کۆتایی نووسینەکەی ئەحمەدموختارەوە هاتووە، دەتوانرێ گومانی لێ بکرێت کە شیعری تاهیر بەگ نەبێت، بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی شیعرەکانی تاهیر بەگ کە لەم دەستنووسەدا هاتووە و هەمووی شیعری ئەوە، ئەتوانین بێ هیچ دوو دڵییەك بڵێین

شیعرەکە هی تاهیر بەگی جافە. چی لە ڕووی ئاوازی شیعری و چی لە ڕووی وشەزسازی و دەنگ و شێوەی نووسینەوە.

جگە لەوەیش لەم دوو بەیتییەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تاهیر بەگی جاف خاوەنی دوو بەیتی بووە و ئەو کاتەی ئەم دوو بەیتییەی نووسیوە، دوو بەیتییەکانی خۆی داوە لە چل دوو بەیتی.

شیعرەکانی نێو ئەم دەستنووسە بریتییە لە (021) پارچە شیعر، بەڵام لە ڕاستیدا دەستنووسەکە و شیعرەکانیش زۆر لەمە زیاتر بوون، تەنها ئەوەندەی ماوەتەوە. دەبێ ئەوەیش بڵێم کە هەموو هۆنراوەکانی ناو دەستخەتەکە بڵاونەکراوە نین، ئەو شیعرانەی کە لەم دەستنووسەدا بڵاوکراوەتەوە (41) پارچە شیعرە، ئەم شیعرە بڵاوکراوانە لەگەڵ ئەوەی دەستنووسەکەدا جیاوازی زۆری تێدایە، چ لە ڕووی وشەیی و چی لە ڕووی زیادی و کەمی بەیتەکانەوە.

جۆری خەتی ئەم دەستنووسە نەستەعلیقە. ئەو لاپەڕانەی ماوەتەوە بریتییە لە (831) لاپەڕە. لە لاپەڕە (3)ی دەستخەتەکەدا لە سەرەوە دوو دێر نووسراوە و زۆرباش ناخوێنرێتەوە و لە کۆتاییەوە نووسراوە (عبدالحمید... ئیمزا)، دواتر ئەم ڕێکەوتە نووسراوە: (7-01-84).

گرنگایەتی ئەم دەستنووسە:

ئەم دەستنووسە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە:

1- ئەوەی کە ئەم دەستنووسەی نووسیوەتەوە شاعیر بووە و خاوەن سەلیقەیەکی تایبەت بووە.

2- لە ڕووی هەڵە و کەموکورتییەوە کەمتر تووشی گیر و گرفت دەبێت و کەمتر هەڵەی تێدا دەبینرێت.

3- لە ژێر چاودێری ئەحمەدموختار بەگی جافی برای شاعیردا نووسراوەتەوە.

4- دەستاودەستی کەمتری کردووە و تێک نەدراوە. بەڵام لە ڕوویەکەوە کە هەندێ لاپەڕەی کەوتووە ئەوە جێگەی داخە.

5- دەستنووسەکە بە خەتێکی خۆش نووسراوەتەوە و بە پێی ڕیزبەندی پیتەکان نووسراوە و زیاتر ڕەچاوی ئەو خاڵە کراوە، تەنها لە چەند شیعرێکدا پەیڕەوی ئەو خاڵە نەکراوە.

لەم دەستنووسەدا تەنها دوو پارچە شیعری کوردی و یەك دوو بەیتی هاتووە، ئەوانی تری فارسین، شیعرە کوردییەکانیش یەکیان بڵاوکراوەتەوە. پێشتر دوو بەیتییەکەم خستە ڕوو، لێرەشدا ئەو شیعرە کوردییەی تریش بڵاو دەکەمەوە لەگەڵ شیعرێکی فارسی بڵاونەکراوەدا.

**ئەم کەوا تاقەی سەمەن ساقە، لەبی خۆش نمەکە**
**پەرییە، ئامییە، یاخۆ لە جینسی مەلەکە**
**جیلوەی حوسنی تەماشاکە، مەکە مەدحی لیباس**
**چی زەروورێکە کەوا ئەتڵەسی یاخۆ قەدەکە**
**فەرقی ڕوخساری سەفاکاری لەگەڵ بەدری مونیر**
**بە میسلی فەرقە لە مابەین سەما و سەمەکە**
**مەجلسی عەشرەتە دەرخا هەموو ئەخلاقی بەشەر**
**مەی لە بۆ ئەهلی هونەر زاهیرە، عەینی مەحەکە**
**یەك دەباتە فەلەك و یەك دەگەیەنێتە زەوی**
**گەردشی دەوری زەمان هەر وەکو چەرخ و فەلەکە**
**شێخ دەڵێ: سەیری بکەن داوی منە سەیید دەگرێ**
**جبە و ڕیش و ڕیایی زۆر، (تحت الحنکە)**
**پێی بڵێن گاهێ وەرە دائیرەی سیدق و سەفا**
**نەفەمییە دائیرەیی دەف زەنە تارە و مەکە**

ئەم شیعرە لە ڕووی کێش و وەزن قافییەوە ناتەواوە. پێ دەچێت ئەم شیعرە سەرەتای دەسپێکی شیعری تاهیر بەگی جاف بووبێت، یان ئەوەتا ئەم شیعرە دەستاودەستی زۆر کردووە و لەنگی زۆری تێکەوتووە، یان شاعیر یەکجار نووسیویەتییەوە و پێداچوونەوەی بۆ نەکردووە. بۆیە ئەو گۆڕانکارییەی بەسەردا هاتووە. ئەمەیش شیعرە فارسییە بڵاونەکراوەکەیە:

**بس کە دل در هجر تو گردیدە جانا داغدار**
**چون نگردید همچو لالە یا سحاب اندر بهار**
**من نناڵم هیچ گە از جور اغیار و رقیب**
**گل نچیند در چمن، کس تا نبیند زخم خار**
**از همە عشاق جانا من تقدم کردەام**
**داغ تو در سینەام باشد، نشان افتخار**
**بر سر دل آنچنان نازد، بت نازك تنم**
**همچو شاهینی کە بیند کبك در فصل شکار**
**صرف غم بهتر نباشد، پنج روزی عمر خود**
**گو مغنی چنگ زن! دنیا نباشد پایدار**
**شهرت بی جسم دارد همچو عنقا ای رفیق**
**شیوەی مهر و وفا در نزد آن سمین عذار**
**از شکوهت کم نگردد گر بیایی تو دمی**
**تا برای دیدنت «طاهر»، نباشد انتظار**

**پەراوێز :**

**ئەم بابەتە پێش چەند ساڵێك لە گۆڤاری «ڕامان»دا بڵاو کراوەتەوە. ئەو کاتەی ئەم بابەتە نووسرا و بڵاو کرایەوە، ئاگاداری هەموو چاپەکانی دیوانی تاهیر بەگ بووین، بەڵام هەر ئەم نوسخە بە پەلە و بە بێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە نوسخە و نووسەر و بابەتی و پەراوێز نووسین و بەراورد، لە لایەن «کامل صفریان و زهرا سجادی» بە هەڵەیەکی زۆر و تێکەڵی شیعری، نوسخەکەیان لە ئێران چاپ کرد و خستیانە بازاڕەوە. ئێمە لە دیوانی تاهیر بەگدا هەموو وردەکارییەکانیان باس دەکەین.**

**ماوەی چوار ساڵ زیاترە لەگەڵ مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەیی، خەریکی ئامادەکردنی دیوانی «تاهیر بەگی جاف»ین. دیوانی تاهیر بەگ ڕاستە چەند جارێك چاپ کراوە. بەڵام هیچ کام لەو دیوانانە دیوانێکی ڕێکوپێك نین و ئێمە لەم کارەدا هەوڵمانداوە زۆرترین نوسخە و چاپ و بەڵگە بۆ ساغکردنەوەی دیوانی تاهیر بەگ بە کار بهێنین.**

**1 گۆڤاری نووسەری نوێ، (ژ- 5)ی خولی دوای ڕاپەڕینی ئەیلوولی ساڵی 8991.**

**2 گۆڤاری کاروان: ژمارە 6ی ئاداری 3891.**

**3 گۆڤاری (وەشت): م. ئەحمەد حسێن ئەحمەد، ژمارە (11).**

**4 دیوانی ئەحمەدموختار جاف: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، لە چاپخانەی (الادیب) بەغدا- 6891، ئەم چاپەی بەردەستی من چاپخانەی موحەممەدی لە سەقز فۆتۆیی کردووە و بە هەمان شێوە چاپی کردووەتەوە، (لا- 911).**

**5 عەلی کەمال باپیر: گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (72) ی 81ی حوزەیرانی ساڵی 5291.**

